# ئاهەنگێکی شکۆدار بۆ ڕێزگرتن لە 26ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە لە فینلاند

ڕۆژی شەممە 2005-02-26 جێژنێکی گەورە بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە ، لە شاری هێلسینکی پایتەختی فینلاند بەڕێوە چوو . لە ئاهەنگەکەدا زیاتر لە 400 کەس ، لەوانە نوێنەرانی حیزب وڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی و ئێرانی ، هەروەها کۆمەڵێک لە شارومەندانی فینلاندی و ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی لەمێژینەی کۆمەڵە ، دۆستان و لایەنگرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەشدار بوون ، هەروەها هونەرمەندانی دەنگ خۆش ڕزگار فەتاحی ، عەلا فلاحی و کۆری موسیقا بەڕێزان ئەردەشیر زەبەردەست ( سەنتوور ) چیا مەدەنی ( ئۆرگ ) عارف ( ویۆلۆن ) لەم ئاهەنگەدا بەشداریان کرد .

سەرەتا بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی ڕیزەکانی خەباتی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵە و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان و ئازادی و سوسیالیسم دەقێقەیەک بێدەنگی ڕاگیرا ، پاشان بێدەنگیەکە بە سروودی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان شکا، لە درێژەی بەشی سیاسی جێژنەکەدا هاوڕێ جەعفەری موستەفا سوڵتانی پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ئەو ڕۆژەوە پێشکەش کرد .

پاشان وتار و برووسکەی پیرۆزبایی لە لایەن نوێنەرانی کۆمەڵێک لە حیزبە کوردستانیەکان و ئێرانیەکان بەم جۆرە پێشکەش کران :

یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان – کۆمیتەی فینلاند

پارتی دیمۆکراتی کوردستان – ناوچەی فینلاند

حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئێران – کۆمیتەی فینلاند

جەبهەی دیمۆکراتیک مردمی خلق عرب احواز

سازمانی فیداییانی خەڵکی ئێران ( ئەکسەریەت ) نوێنەرایەتی فینلاند

بەشی ئاخری ئاهەنگەکە بە گۆرانی و موسیقای هونەرمەندان لە نێو شادی و هەڵپەڕکێی بەشداربواندا تا کاتژمێری یەکی نیوەشەو بە تایبەتی بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە لاوان درێژەی هەبوو .

شایانی باسە بەم بۆنەوە ، 26 تابلۆ لە گیانبەختکردوانی ڕیزەکانی خەباتی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵە و بزووتنەوەی ڕزگایخوازی خەڵکی کوردستان لە لایەن لاوی تازە پێ گەیشتو و دڵسۆزی گەلی کوردستان ژوان ئەلیاسیزادە کە بۆ ئەم یادە دروستی کردبوو ، ساڵۆنی مەراسمەکی بە شێوەیەکی تایبەتی ڕازاندبووە ،

هەروەها لەم ڕۆژەدا مێزی کتێب و نوسراوەکانی کۆمەڵە ، CD کانی کۆنگرەی 10ی کۆمەڵە لە ئیختیاری بەشداربووانی یادی پیرۆزی 26ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵەدا بوو .

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەم جۆرە هەر لێرەوە پڕ بەدڵ سپاسی هەموو هاوڕێیان و دوستان و دڵسۆزانی کۆمەڵەو جووڵانەوەی حەقخوازانەکەی گەلی کوردستان دەکەین بۆ ئەوەی بە دڵسۆزیەوە هاوکاری و یارمەتیدەرمان بوون بۆ گرتنی یادی 26ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە لە وڵاتی فینلاند .

## پیرۆز بێت 26ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کۆمیتەی فینلاند -03/03-2005



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com